تیرۆر هاوکاتی زریانەکی جەماوەری.. عوسمانی حاجی مارف

لەبەرامبەر تاوانکانی ئیسرائیل و ئەمریکادا، زریانەکی گەورەی خۆپیشاندەرانی جەماوەری بوونە بەتایبەتی لە شاری واشنتن لەبەرامبەر تاوانی گەورەی پاکتاوکردن و ڕەگەزی خوێنی بکەرەکی خەڵکی غەززە و مندااڵکانیانەدا شۆڕلیدا، ئەو زریانە داوای دەستگیرکردن و دادگایکردنی ناتانیاهیان دەکردو بایدنیان ڕیسوا دەکرد بەهاوبەشبونی لەو تاوانەدا.

زریانی ئەو خۆپیشاندانە مەزنەی نمایشکرا، بریتی بوو لە بەشداری ئەمریکیەکان بە هەموو گروپ و تەمەنکەوە، جولەکەکان کە دروشمی"بەناوی ئەمەوە نا" لەسەر کراسەکانیان نووسرابوو، هەروەها کەسانی دیکەی ئایینی کە باوەیان بە"ئیسرائیل' نییە وەک دەوڵەتێک بە جولەکەکان، بزووتنەوەیەکی نامۆزایەتی جەماوەریی کە ئەمریکا لەدوای جەنگی ڤێتنامەوە شاهیدی هاوشێوەکانی نەبووە، داوای "دەستبەجێ ئاگربەست"یان کرد لە کۆرتی گەمارەدراوی غەززە و ڕەخنەیان لە سیاسەتی واشنتۆن گرت کە پشتگیری لە داگیرکاری ئیسرائیل دەکات.

لەکاتێکدا ئەم زریانە واقعیەتێکی خەڵکی نامۆزای ئەمریکایە، سیروسەمەرەیی ئەندامانی کۆنگرەس دەبینین، کەبە دانیشتن و وەستانەوە لە لاپەڕەیەکی گاڵتەجارانەی کارەساتەکاندا چەپڵەیان بە ناتانیاهە لەدا، لەهەمانکاتدا ڕاستەوخۆ دوای سەردانی ناتانیاهە بە ٢ مانگ، کردەوەی تیرۆری ئیسماعیل هانیە ڕادەگەیەنرێت، ئەمەش لەکاتێکدایەکە ناتانیاهە لەلایەن دادگای دادی نێونەتەوەیەوە، لەکەمپینەوەی دەرکردنی فەرمانی دەستگیرکردنی دەکرێ لەسەر ئەنجامدانی تاوانیکوشتنی بکەرەکی خەڵکی فەڵەستین لە غەززەدا.

هەڵبەتە ئامانجێکی ئەم کارە تیرۆریستیە چەکردنەوەی زیاتری ململانێی نێوان حکومەتی ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیە بە گۆشەگیرکردنی ئەو زریانە جەماوەریەو خواستی جیهانی بە کۆتایهێنان بە کەمەکوژی لە غەززە و چارەسەرکردنی پرسی فەلەستین.

ئەوە ئاشکرایە کە ئەم کارە تیرۆریستیانە دەتوانێت هەلومەرجەکە دژوارترو ئاڵۆزترکات، چونکە شێوەی تیرۆریستی و ئامانجکانی بەتەواوی دەندانەو دژکەمەگۆ و کۆنەپەرستانەیە، مایەی نائاسودەیی و نائارامیە و ئاکامەکەی جگە لەخولقاندنی فەزای ترس و وەرانکردنی ژیانی خەڵک هیچی تر نیە.

ئەو زریانە جەماوەریش بانگەوازێک ئاڕاستەی نەتەوەکانی پشتیوانی لە فەلەستینیەکان بشەوازێکی فراوانی جەماوەری لە ئەمریکادا گەشیان کردەوە و لەهەمانکاتدا پشنیاریان کرد کە پەیوستە جیهان دان بە مرۆڤایەتی کەسی فەلەستینیدا بنێت تا گەلی فەلەستین، مافی خۆیان لە خاکی فەلەستیندا بەدەست بهێنن. ئەم هاوسۆزیە جەماوەریە بە دۆزی فەلەستین لەسەر شەقامی ئەمریکا سەرنجڕاکێشە. ئەم بزوتنەوەیە بە پشتیوانی لە مافەکانی خەڵکی فەلەستین، بە نمایشکردنی خۆی وەک زریانێکی گەورە بەرامبەر بایدن و پێنتاگۆن بوو، لەهەمانکاتدا گۆڕینی ئاڕاستەی گشتی ئەمریکیەکانە لەبەرامبەر دەوڵەتی ئیسرائیلدا.
بەوپێیەی ژمارەیەکی بەرچاو لە خۆپیشاندەرانی جوولەکە بشداربون لەم زریانەو سەرکردایەتیان دەکرد، ئەو کارە دەندانێیە ڕەتدەکەنەوە کە قەوارەی داگیرکەرێکی وەک ناتانیاهو بەرامبەر گەلی فەلەستین دەیکات، ئەمش مانای ئەوەیە کە گۆڕانکاری قووڵ لە ئەمریکا و ڕۆژئاوا بگشتی ڕوویانداوە، تەنانەت کردەوە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵات و پالیسیش لە هەموو شوێنەکدا سەرکەوتوو نەبون لە بەرگرتن بەم شەپۆلە لە ناڕازایەتیەکان.
سەرهەڵدانی بونی ئەو زریانی ناڕازایەتیە جەماوەریەی کەخواست و هەوەدانی بە ئاگربەستی ئەو شەڕە داگیرکاریە و دژ بەتاوانکانی ناتانیاهۆ بەرخستوە، بەڵام ئەمجارە ناتانیاهۆ وەک فرستێک ئەوکارە تیرۆریستیەی لەبەرامبەر ئیسماعیل هانیە و فواد شوکر ئەنجامدا، تا دەرگەکە بخاتە ناو چوارچێوەیەکی تردە بە ئانگرتنی ئەو شەڕەی دەبەست ئاگیرەت، کە ئێران و حزبوللاو حەماس لەبەر تەماناکی سەرسوڕهێنەردا ئاگرت، لەلایەک دەرگای لە بەردەم ئەگەری شەڕکی کراوەی فراوانی لە ناوچەکەدا بکردنەوە، لەلایەکی تردە گورزێکی بەهێزە کەئێران، حیزبوللا، یان حەماس ناتوانن وەڵامی نەدەنەوە.
هەرچەندە ئەم کارە تیرۆرستیە گورزێکی گەورەیە لە کەماری ئیسلامی و پێویستی بە پەرچەکردارە لەلایەن ئێرانەوە، بەڵام پەدەچێت لایەنی ئەمریکا قورسایی خۆی بخاتەسەر ڕاگریکردن لە شەڕکی بەرفراوان کە لە ناوچەکەدا ڕوبدات، تابتوانێ زیانەکان لەڕووبەرێکی سنووردارداد بهێڵێتەوە، نەک لەدانی وێرانکەر کە ببێتە هۆی شەڕکی بەرفراوان و زیان بەپێگەی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بگەیەنێت، بەهەمانشێوە شۆڕی فراوان بە قازانجی ئێرانیش نیە، بەڵام کێشەکە لەو ئاستدایە، کە دەرگەکە بەجۆرێک شەقاوە وردبونەوەی ئاگرەکان و بەرگرتن بەو گژاوە ئاسان نیەو سەختی نیشان ئەدات.
ناتانیاهۆ دوای دیارنەبونی ئاسەی ئەو شەڕە بە قازانجی

حکومەتکەی، هەوڵدەدات گرێبەستی ئاوگەی دیلەکان تێکبدات، هەوڵەدات کەتایی بە شەڕکە بهێنێت کە بە زیانی درێژکردنەوەی تەمەنی حکومەتکەی نەبێت، چونکە بە لێپرسینەوە لەگەیدا، بە تەمەتی گەندەڵی و شکستی ئەمنی، جڕی مامەڵەی لەبەرامبەر"لافاوی ئەقسا'، هەروەها قەیرانی"چاکسازیی یاسایی" و ناساندنی وەک تاوانباری جەنگ، نادیاری کەتایی داگیرکاری غەززە، ناتانیاهۆی لە دوویانەکی وەها بنبەستدا ئاگرتوە، مەبەستیەتی شەڕکە فراوانتربێت و درێژە بکێشێت، تا ئەوکاتەی کە خزمەت بە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی دەکات! تا دووریخاتەوە لەوەی کە لە ناوخۆدا لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت. ئەمش ئاراستەی بیرکەیەکە کە لەسەرەتای شەڕەوە لە تەلئەبیب و واشنتن دەسوڕێتەوە بە بەدەستهێنانی جۆرێک لە سەرکەوتنی ئیسرائیل لە دژی"حەماس"، تا بتوانێت بەشێک لە شکڵی لەدەستچوی خۆی لە "لافاوی ئەلئەقسا"دا وەربگرێتەوە، بەڵام ئەوەی دەیبینین تائێستا ناتانیاهو لەگەڵ ئەوەی سەرکەوتو نەبوە، لەهەمانکاتدا بەردەوام قومارێکی گەورە بە ژیانی خەڵکی دەکات.
هەبەتە ئەم کارە تیرۆریستیەی ئیسرائیل، بەر بە کەتایهاتنی جەنگ و ڕاگای چارەسەری سیاسیانەی کێشەی فەڵەستین دەگرێ، کە بە ماوەیەکی زیاتر دەخی ناوچەکە بەرەو ناجێگیری سیاسی و مەترسی ڕەوانی جەنگ ئادەکەشێت و ژیانی ملیۆنەها ئینسان نەک تەنها لە فەڵەستین، بەڵکو لە ناوچەکەدا ڕووبەڕووی مەترسی و ئاوارەیی و کوشتار دەکاتەوە. لەهەمانکاتدا زەمینەیەکی گونجاو بە گەشەکردن و بەهێزبوونی ڕەوت و گروپە کۆنەپەرست و ئیسلامی و فاشیست و نەتەوەپەرستەکان دەکاتەوە کە لەسەر حسابی بەرگرتن بە گەشەی بزووتنەوە ئینساندۆستی و ئازادیخواز و گەشەی بزوتنەوەی کرێکاری خەیان زیندووئادەگرن.
لە ئۆگری هەرشی ئێران بە سەر ئیسرائیل، واشنتن پێشبینی بەشداری زیاتری بەشەک لە ووڵاتانی عەرەبی دەکات لە خستنەخواروەی هەندەک فەڵەکەی بەفڕەکەوانی ئێرانی، وەک ئەوەی شەوی ١٣ی نیسانی ئابردوو ڕوویدا. ئەمش ئامانج لێی خراترکردنی ئاگیاندنی هاوپەیمانی عەرەبی و ئیسرائیلی و ناتۆیە، بە سپەنسەری ئەمریکا، بەڕووبەڕووبوونەوەی ئێران، ئەمش بە نەرەنی کاریگەری لەسەر پرسی فەڵەستین دەبێت. لەهەمانکاتدا پاراستنی پێوەندی وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل لەسەر حسابی پاکتاوکردنی خەڵکی غەززە بە خێی کارساتە بەکەشەی فەڵەستین و خەڵکی فەڵەستین!
حکومەتکەی ناتانیاهۆ نزیکەی ١٠ مانگە کوشتارێکی بەرنامەداڕێژراوی وەک دەزگەخک بە خەڵکی فەڵەستین بەخستووە،

بەرنامەی بەئەنجام بووە لە بەدەستهێنانی ئامانجە جەنگیەکانی کە خۆی لە کۆتاییهێنان بە حەماس و گەندنەوەی دیل و بارمتەگیراوەکانی لای حەماس ڕایگەیاندوە. لەووی سەربازیشەوە توشی بنبەستێکی گەورە بووە. لەلایەکی تردوە لەپاڵ ناڕەزایەتیەکی ڕای گشتی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستی جیهانیدا، کەوتەژێر فشارێکی گەورەوە، بەیەک نەتانیاهۆ و حکومەتەکەی لەناو ئەم گۆڕاوەدا پێل دەکوتە و هەرچی لەدەست بێت بە بەرگری لە سیاسەتەکانی درۆغی ناکات. هەوڵەدات ناوچەکە ڕابکێشە بەناو جەنگیکی فراوان،لەهەمانکاتدا ئەمریکاش لەو شێوە فراوانەوە بئاڕەزێت، تا لەم ڕێگایەوە خۆی لەو دوڕیانە داخراوە سەربازی و سیاسیە بەنەتەدەرەوە.
ئەم کارە تیرۆریستیە، شێوەلێکی نوێی هێرشە و پەوپاگەندەی شێوەخستوە، کە حکومەت و هێزە تیرۆریستیەکانی ناوچەکە ئەنجامی ئەدەن، درۆژەی شێوەکانی پەرستانەی تیرۆرستی دەوڵەتی و تیرۆری ئیسلامیە کە گیانی خێڵکی ناوچەکەیان بە بارمتە گرتووە، لەبارەی ئەم تیرۆریزمە دەوڵەتیەوە ئیسرائیل و کەماری ئیسلامی خاوەنی ئەزمونێکی پێشینەی بەرچاون کە پێویستە سەرکەنەو ڕیسوا ودادگایی بکرێن.
بەڵام بەجیا لە هەر لێکدانەوەو تێگەیشتنێک لە واقعی ئەم شێوە، سەرکەنەنەکردنی ئەمکارە تیرۆرستیەی بەرامبەر ئیسماعیل هەنیە کراوەو لێنەپرسینەوەو دادگاییەنەکردنی ئەو لایانەی ئەم کارەی ئەنجامداوە، مانای وایە زیانی هەر کەسایەتی و هێسوراوێکی سیاسی سەر بە هەر هێز و بەچونێک بێت، لەهەرشوێنێکی دنیادا بێت، لەبەردەم مەترسی تیرۆرستی دەوڵەتیدا خۆی دەبینێتەوە، وەستانەوەش بەرامبەر بەهەر کارێکی "تیرۆرستی دەوڵەتی" پێویستی بەکەمپینێکی گەورەی جیهانیە.
لە درۆژەدان بەم دەخی شێوەو کارساتکانیدا، پێویستە بانگەوازی چینی کرێکار و خێڵکی ئازادیخوازی ناوچەکەو دنیا،بەهێزکردن و فراوانکردن و هێکخستنی شۆڕشی ئەو زریانە ناڕەزایەتیە جەماوەریانە بێت لە ئاستی ناوچەکەو جیهاندا، کە هەوڵبدات دەستبەجێ ئەو داگیرکاریەی ئیسرائیل لەبەرامبەرخێڵکی فەلەستین ڕاگرێت.